سەرۆک کۆمار: لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن دەکەین

سەرۆک کۆمار عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ سێشەممە، ڕایگەیاند لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە، جەختیشیکردەوە هەڵبژاردن لە وادەی دیاری کراوی خۆی ئەنجام دەدرێت.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە " سەرۆک کۆمار عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ سێشەممە،لە کۆشکی بەغداد پێشوازیکرد لە سەرۆکی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییە عەرەبی و بیانییە باوەڕپێکراوەکان لە عێراق کرد".

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە لە دیدارەکەدا سەرۆک کۆمار بەخێرهاتنی باڵیۆزانی میوانی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە "ئەو سەقامگیرییەی عێراق لە ئاستی ئەمنی و سیاسی و ئابووریدا بەدیهاتووە، یارمەتیدەر بوو لە ئاراستەکردنی هەوڵەکان بەرەو ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و نۆژەنکردنەوەی ژێرخانی ئابووری، هەروەها دەستبەرکردنی ئاسانکاری و پاڵپشتی بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە بوارە جیاوازەکاندا".

هەروەها سەرۆک کۆمار دووپاتی کردەوە کە "هەڵبژاردنی پەرلەمان لە وادەی خۆیدا ئەنجام دەدرێت"، هەروەها سەرۆکایەتی کۆماریش لە "نزیکەوە بەدواداچوون بۆ ئامادەکارییەکانی کۆمسیۆن دەکات بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و دادپەروەرانە و بەڕێزیان ڕوونی کردەوە کە سەرۆکایەتی کۆمار ، لە چالاکییەکانیدا هانی بەشداری فراوانی هاووڵاتییان لە هەڵبژاردن و هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان بۆ ئەنجومەنی نوێنەران دەدات" هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد کە "عێراق شانازی بەو ئەزموونە دیموکراسییە دەکات کە لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە گەلەکەمان پیادەی دەکات لە پرۆسەی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا، هاوکات سەرۆک کۆمار باسی لە ڕۆڵی سەرۆکایەتی کرد لە ئازادکردنی زیاتر لە (23) هەزار دەستگیرکراو کە سزاکانیان تەواو بووە، هەروەها بەدواداچوون بۆ کارەکانی ئەو لیژنانەی بەرپرسیارن لە جێبەجێکردنی یاسای لێبووردنی گشتی".

بە گوێرەی ڕاگەیەندراوەکە سەرۆک کۆمار جەختی لە "پابەندبوونی عێراق کردەوە لە بنیاتنانی پەیوەندیی ئەرێنی دەستایەتی و هاوکاری لەگەڵ هەموو وڵاتانی ناوچەکە و جیهان، بە شێوەیەک کە خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بکات و سەروەری نیشتمانی بپارێزێت و بەڕێزیان پێزانینی خۆی بۆ هەوڵی بالیۆزەکان لە پتەوکردنی پەیوەندییەکان و پەرەپێدانی هاوکاری و هەماهەنگی هاوبەشی نێوان عێراق و وڵاتەکانیان دەربڕی کە هاوکاربوون لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی دەستایەتی و چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری ناوچەیی و نێودەوڵەتی".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەیش کراوە کە لە دیدارەکەدا "کۆمەڵێک بابەتی نێودەوڵەتی جێی بایەخی هاوبەش و دیارترینیان پرسی فەلەستین تاوتوێ کران"، سەرۆک کۆمار پشتیوانیی پتەوی عێراقی بۆ گەلی فەلەستین و ڕەتکردنەوەی تەواوی دەستدرێژی دژیان دووپاتکردەوە و جەختیشی لە" پێویستی هەڵوێستێکی پتەوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کردەوە کە کۆتایی بە هەموو پێشێلکارییەکان بەرامبەر فەلەستینییەکان بهێنێت و مافی تەواویان دەستەبەربکرێت بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان، لە بەرامبەردا سەرۆکی نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییە عەرەبی و بیانییەکان ستایشی ئەم جۆرە دیدارە گرنگانەیان کرد"،هەروەها لە ڕوونکردنەوەی "دیدگای عێراق لەسەر کۆمەڵێک بابەتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و هیوای سەرکەوتنیان بۆ عێراق خواست لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، کە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئەزموونی دیموکراسی و بەدیهێنانی خواستەکانی گەلی عێراق، هەروەها بالیۆزەکان سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرۆک کۆمار لە پابەندبوونی بە پتەوکردنی پەیوەندی دەستانە و هاوکاری هاوبەش دەربڕی".